زنجیرەی پەروەردەو بانگەواز ( ١٩ )

# چۆن تەوبە بكەم ؟

ڕێگای ڕزگاربوون لە كوێیە؟ تەوبەكردن چیە ؟ بۆچی تەوبە بكەین ؟
مەرجەكانی تەوبەی ڕاستەقینە ، نیشانەكانی قبووڵ بوونی تەوبە


ئامادەكردنی : علي خان
پێداچوونەوەی : مامۆستا خليل أحمد


=============================================


سایتی بەهەشت
www.ba8.org
هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ
Ba8@maktoob.com
٢٠٠٧ - ١٤٢٨

سوپاس و ستایش بۆ خودا، لێخۆشبووی تاوانەکان، وەرگری تۆبەی تۆبەکاران، بە توند سزادەری کافران ، والأکاری دەرگا لە بۆ گەڕاوەکان، وە ئاسانکەری هۆکارەکان لە بۆ تەوبەکاران، وە هەروەها سەلأت و سەلام برژێتە سەر بەڕەحمەت نێردراو لە بۆ جیهانیان، موحەممەدی گەورەو سەروەرمان، وە لەسەر خانەوادەکەی و هاوەلأن .

**برای خۆشەویستم ، خوشکی بەڕێزم**

زۆربەی خەڵکی بەهاو هەقیقەتی تەوبە نازانن، چ جای ئەوەی پێی هەستن، ئەگەر بەهای تەوبە بزانن، ڕێگای بەدستهێنانی نازانن، ئەگەر ڕێگاکە بزانن، چۆنێتی دەست پێکردنەکەی نازانن؟

جا برام وەرە لەگەڵم با بزانین هەقیقەتی تەوبەو ڕێگای بەدەستهێنانی چییەو چۆنە؟ بەو ئومێدەی پێی بگەین

## هەمووومان هەڵە دەکەین

**برای خۆشەویستم ، خوشکی بەڕێزم**

هەمووومان تاوانبارین، هەموو هەڵەکارین، جارێك ڕوو لەخوای دەکەین و جارێك ڕوو وەردەگێڕین، تاوێك هەست بە چاودێری خودا دەکەین و تاوێك بێئاگایی باڵمان بەسەر دەکێشیّ، بیّ هەڵە نابین، هەر دەبێت هەڵەمان لێبوەشێتەوە، نە من و نە تۆ مەعصوم نین، {**هەموو ئادەمیزادێك هەڵە دەکات، وە باشترینی هەڵەکاران تۆبەکارانن**} (رواه الترمذي وحسنه الالباني).

سەهو کەموکورتی لە سروشتی مرۆڤن، وە لە ڕەحمەتی خودا بۆ مرۆڤی لاواز ئەوەیە کە دەرگای تەوبەی بۆ کردۆتەوە، وە فەرمانی پێکردووە هەر کە تاوانی تووش بوو وسەرپێچی ئەوی کرد بگەڕێتەوە بۆلای و ڕوو لەو بکات. ئەگەریش ئەمە نەبوایە، مرۆڤ دەکەوتە تەنگیەوە، وە هیمەتی لاواز دەبوو لەوەی نزیك بێتەو لە پەروەردگاری، وە هیوای دەبڕا بە لێخۆشبووی و میهرەبانی ئەو.

## ڕێگای ڕزگاربوون لە کوێیە؟

پێدەچێت پێم بڵێی: من کامەرانیم دەویّ، ئەمەویّ ڕزگاربم، هیوام لێخۆشبوونە، بەلأم نازانم چۆن؟ نازانم چۆن دەست پیّ بکەم؟ من وەکو خنکاوێکم کە دەیەویّ یەکێك دەستی بگریّ، وە وەکو سەرگەردانێکم کە ڕێگەی لیّ ون بووەو چاوەڕێی یارمەتیە جا تروسکەیەك هیوام دەویّ، تیشکێك ڕوناکیم دەویّ، بەلأم ڕێگاکە لە کوێیە ؟

برای خۆشەویستم ڕێگاکە ڕوونە وەکو ڕۆژ، دیارە وەکو مانگ، یەکێکە و دوانی بۆ نیە ... ئەویش ڕێگەی تەوبەیە ... ڕێگەی ڕزگاربوون، ڕێگەی سەرفرازی، ڕێگەیەکی ساناو ئاسانکراوە، لەهەموو ساتێکدا والأیەو بەرامبەرت کراوەیە، ئەوەندەت لەسەرە تەنها بدەی لەو دەرگایە (ئەو ڕێگایە بگریتە بەر)، یەکسەر گوێت لە وەلأمەکە دەبێت و دەفەرموێت: ﴿ **وَإِنِّي لَغَفَّارٌ لِّمَن تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ صَالِحًا ثُمَّ اهْتَدَى** ﴾ [(٨٢) سورة طــه] من لێبوردەم لەو کەسەی کە تەوبە دەکات و باوەڕ دەهێنێت وکردەوەی چاکە دەکات لەوەو دواش بەردەوام بێت لەسەر ئەو ڕێبازە. ئەوەتا خوای پەروەردگار (سبحانە وتعالی) بانگی سەرجەم بەندەکانی دەکات، باوەڕدارو بیّ باوەڕ، کە تەوبە بکەن و بگەڕێنەوە بۆلای، وە پێی ڕاگەیاندوە کە ئەو لەسەرجەم تاوانەکان خۆش دەبێت، هەرچەند زۆر بێت، هەرچەند

گەورە بێت، ئەگەریش بە ئەندازەی کەف دەریا بێت، خودا (سبحانە وتعالی) دەفەرموێت: ﴿قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِن رَّحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ﴾ [الزمر: (٥٣)] . واتە : ئەی موحەممەد بڵێ خوا دەفەرموێت: ئەی بەندەکانم، ئەی ئەوانەی کە تاوان و هەڵەی زۆرتان ئەنجام داوە، نائومێد مەبن لە ڕەحمەت و بەزەیی خوا، چونکە خوا لە هەموو گوناە و هەڵەکانتان خۆش دەبێت . بێگومان ئەو خودایە زۆر لێبوردەو بە سۆزو میهرەبانە.

## ئەی تەوبەکردن چیە ؟

تەوبەکردن برای خۆشەویستم بریتیە لە گەڕانەوە لەوەی خودا ڕقی لێیەتی بە ئاشکرایی و شاراوەیەوە بۆ ئەوەی خوا خۆشی ئەوێت بە ئاشکرای و شاراوەیەوە. وە ئەمەش ناوێکی گشتگیرە لە بۆ یاساکانی ئیسلام و هەقیقەتەکانی ئیمان، تەوبەکردن ڕێگایەکی پارێزراوە لە یەئس و بێ ئومێدی، کانی پڕئاوە بۆ هەموو خێرو خۆشیەکی دونیاو دوارۆژی ئەبەدی، تەوبەکردن سەر هەموو شتێکە، ژیانەوەیە، هۆی سەرفرازیە، ماڵی یەکەم و ناوەڕاست و کۆتای مرۆڤە، تەوبەکردن سەرەتای بەندەو کۆتاییەتی، تەوبەکردن وازهێنانە لە تاوان لە ترسی الله، هەستکردنە بە ناقۆڵایی و ناشیرینی تاوان، پەشیمان بوونەوەیە لە تاوانکردن، وە سووربوونە لەسەر نەگەڕانەوە بۆتاوان گەر دەسەڵاتی شکا بەسەریدا، تەوبەکردن هەستکردنە بە پەشیمانی لە ئاست ئەوەی ڕویداوە، وە ڕوو کردنە خودایە لەو (تەمەنەی) کە ماوە، وە وازهێنانە لە تاوان .

## بۆچی تەوبە بکەین ؟

**برای شرینم** ، **خوشکی بەڕێزم** : پێدەچێت لێم بپرسی: بۆ دەبێت واز لە جگەرەکێشان بهێنم لەکاتێکدا پێی ئاسودە دەبم؟ ... بۆ واز لە تەماشاکردنی فیلمی ڕووت بهێنم لە کاتێکدا من چێژی لێوەردەگرم ؟ ... بۆ واز لە ڕابواردنی تەلەفۆنی بهێنم لەکاتێکدا ئەوە ئاواتی منە؟ ... بۆ دەستبەرداری تەماشاکردنی ئافرەت ببم لەکاتێکدا پێی دڵشاد دەبم ؟ بۆ دەبێت پەیوەست بم بە نوێژو ڕۆژووەوە لەکاتێکدا من حەزم بە پەیوەستی و بەستنەوە نیە ؟ ... بۆچی و... بۆچی ... ؟! ئایا پێویست نیە مرۆڤ ئەوە بکات کە خۆشحاڵ و ئاسودەی دەکات وئاسودەیی خۆی تێدا دەبینێت؟ ... ئەوەی کە من ئاسودە دەکات ئەوەیە کە تۆ پێی دەڵێی تاوان ... کەوابو بۆ تەوبە بەکەم و بگەڕێمەوە ؟!

جا پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە براشیرینەکەم ئەوە بزانە کە تەنها ئاسودەیی تۆم دەوێ، وە هیچم نەویستووە سەرفرازی تۆ نەبێت ، وە هیچم مەبەست نەبووە تەنها خێرو سەرکەوتن لە هەردوو دونیادا.

**ئێستاش وەڵامی پرسیارەکەت ئەدەمەوە : تەوبە بکە برام چونکە تەوبە :**

**١- گوێڕایەڵی فەرمانی پەروەردگارتە - سبحانە وتعالی -** ، ئەوە پەروەردگارتە فەرمانی بەمە پێکردووی هەروەك دەفەرموێت : ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا تُوبُوا إِلَى اللَّهِ تَوْبَةً نَّصُوحًا﴾ [التحريم:٨] واتە : ئەی ئەوانەی باوەڕتان

هێناوە تەوبە بکەن و بگەڕێنەوە بۆلای خودا، بە گەڕانەوەیەگی ساغ و پوختەوە. جا فەرمانی خواش دەبێت گوێڕایەڵی بۆ بکرێت .

**٢- هۆکارێکە بۆ سەرفرازیت لە دونیاو دوارۆژدا،** خوای پایە بەرز دەفەرموێ :﴿**وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَا الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ**﴾ [النور:٣١] . واتە : هەمووتان بگەڕێنەوە بۆلای خواو تەوبە بکەن ئەی ئیمانداران بەڵکو ڕزگارو سەرفراز بن. کەوابوو دڵ چاك نابێ و سەرفراز نابێ و لەززەت وەرناگرێ، خۆشحاڵ نابێ و ئاسودە نابێ" پاك نابێ" مەگەر بە خواپەرستنی و گەرانەوەی بۆلای وی و پەشیمان بوونەوەی نەبێ .

**٣- هۆکارێکە بۆ ئەوەی خودا خۆشی بوێت،** خوای پەنهانزان دەفەرموێت : ﴿**إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَ**﴾ [البقرة ٢٢٢ ]. واتە : بەڕاستی خوا تۆبەکاران و پاکانی خۆشدەوێت. ئایا لەوە ئاسودەیی ودڵنیایی تری هەیە مرۆڤ هەستی پێ بکات، کە بزانێت پەروەردگارەکەی خۆشی دەوێت گەر پەشیمان بێتەوەو بگەڕێتەوە لای ؟!

**٤- هۆکارێکە بۆ ڕۆیشتنە بەهەشتت و ڕزگاربوونت لە ئاگر،** خودای پایەبەرز دەفەرموێت : ﴿**فَخَلَفَ مِن بَعْدِهِمْ خَلْفٌ أَضَاعُوا الصَّلَاةَ وَاتَّبَعُوا الشَّهَوَاتِ فَسَوْفَ يَلْقَوْنَ غَيًّا * إِلَّا مَن تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ صَالِحًا فَأُولَئِكَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ وَلَا يُظْلَمُونَ شَيْئًا**﴾ [مريم: ٥٩ ، ٦٠]. واتە : لە دوای ئەوان کەسانێك لە نەوەکانیان بونە جێنشینیان، کە نوێژەکانیان فەوتاندو شوێنی هەواو ئارەزوەکانی خۆیان کەوتن، ئەوانە توشی (سزای) سەرگەردانی دەبن، جگە لەوەی تۆبەی کردبێت ئیمانی دامەزراوی هێنابێت وکارو کردەوەی چاکی ئەنجام

دابێ، ئا ئەوانە دەڕۆنە بەهەشتەوەو هیچ جۆرە ستەمێکیان لێناکرێ . ئایا هیچ شتێکی خواستراوی تر هەیە بۆ مرۆڤ هەوڵی بۆ بدات جگە لە بەهشت .

**٥- هۆکارێکە بۆ دابەزاندنی بەرەکەت لە ئاسمانەوە، وە بە هێزکردن و وە زیادبوونی ماڵ و منداڵ،** خودای پایە بەرز دەفەرموێ: ﴿**وَيَا قَوْمِ اسْتَغْفِرُواْ رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُواْ إِلَيْهِ يُرْسِلِ السَّمَاء عَلَيْكُم مِّدْرَارًا وَيَزِدْكُمْ قُوَّةً إِلَى قُوَّتِكُمْ وَلاَ تَتَوَلَّوْاْ مُجْرِمِينَ**﴾ [هود:٢٥]، واتە : ئەی مللەتی خۆم: داوای لێخۆشبون لە پەروەردگارتان بکەن و پاشان بگەڕێنەوە لای ئەو، لە ئاسمانەوە بارانی بە لێزمەو پڕخێرتان بۆ دەبارێنێت، هێزو دەسەلاتتان بۆ زیاد دەکات، زیاد لە ئەو هێزو دەسەلاتەی خۆتان، وە ڕوو وەر مەگێڕن لە بانگەوازەکەم بە تاونباری و سەرکەشیەوە. هەروەها دەفەرموێت : ﴿**فَقُلْتُ اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ إِنَّهُ كَانَ غَفَّارًا * يُرْسِلِ السَّمَاء عَلَيْكُم مِّدْرَارًا * وَيُمْدِدْكُمْ بِأَمْوَالٍ وَبَنِينَ وَيَجْعَل لَّكُمْ جَنَّاتٍ وَيَجْعَل لَّكُمْ أَنْهَارًا**﴾.[نوح:١٠-١٢]. واتە : هەروەها پێیانم گووت: داوای لێخۆشبوون لە پەروەردگارتان بکەن، بەڕاستی ئەو زاتێکی زۆر لێخۆشبووە، بارانتان بە لێزمەو خوڕەم بۆ دەبارێنێت، ماڵ و سامان و منداڵتان پێ دەبەخشێت، باخ و باخات و ڕوبارتان بۆ بەدی دەهێنێت .

٦- **هۆکارێکە بۆ سڕینەوەی تاوانەکان و گۆڕینیان بە خێرو حەسەنات،** خوای پایە بەرز دەفەرموێت : ﴿**يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا تُوبُوا إِلَى اللَّهِ تَوْبَةً نَّصُوحًا عَسَى رَبُّكُمْ أَن يُكَفِّرَ عَنكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ وَيُدْخِلَكُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ**﴾ [التحريم:٨]،

واتە : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە تەوبە بکەن و بگەڕێنەوە بۆلای خودا، بە گەڕانەوەیەکی ساغ و پوختەوە. وە هەروەها پەروەردگاری پاك و بێگەرد دەفەرموێت : ﴿**إِلَّا مَن تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَالِحًا فَأُوْلَئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا**﴾ [الفرقان:٧٠]. واتە : ئەوانە نەبێت کە تەوبە دەکەن و پەشیمان دەبنەوەو ئیمانی دامەزراو دەهێنن و کارو کردەوەی چاك ئەنجام دەدەن، ئا ئەوانە خودا خراپەکانیان بۆ دەگۆڕێت بە چاکە، وە خودا هەمیشە لێخۆشبوو میهرەبانە .

ئەوەی کە تۆ پێی دەڵێی دڵنیایی، دڵشادیی، سەرفرازی، ... هتد، هیچی ناشێ بۆ ئەوەی ئەو ناوانەی لێ بنێی، چونکە هەر هەمووی کاتیە، تەماشاکردنی فیلمی ڕووت، چێژی تێدایە یان تاڵی؟ چەند خولەکێك دوای تاوانەکە وەڵامی ئەم پرسیارەت بۆ دەردەکەوێت، مرۆڤی ژێر قسەی لەو شێوانە ناکا، چێژوەرگرتنێکی چەند خولەکی بە ئێش و ئازار لەگەڵبونێکی هەتا هەتایی ناگۆڕێتەوە. ئەمە یەك دووەمیش هەرگیز دڵ بەو شتانە ئارام نابێت و ناحەوێتەوە، بەڵکو پێی تەنگ و تەسك دەبێ. خوای پەنهانزان سبحانه وتعالى دەفەرموێ: ﴿**الَّذِينَ آمَنُواْ وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكْرِ اللّهِ أَلاَ بِذِكْرِ اللّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ**﴾[الرعد٢٨]. واتە : ئەوانەی باوەڕیان هێناوە، دڵ و دەرونیان ئارام دەبێت و دەحەوێتەوە بە یادی خوا، جا ئاگادار بن هەر بە یادی خوا دڵەکان ئارام دەبێت و دەحەوێتەوە.

هەروەها خوای زاناو دانا (جل شأنه) دەفەرموێت: ﴿**فَمَن يُرِدِ اللّهُ أَن يَهْدِيَهُ يَشْرَحْ صَدْرَهُ لِلإِسْلاَمِ وَمَن يُرِدْ أَن يُضِلَّهُ يَجْعَلْ صَدْرَهُ ضَيِّقًا حَرَجًا كَأَنَّمَا يَصَّعَّدُ فِي السَّمَاء كَذَلِكَ يَجْعَلُ اللّهُ الرِّجْسَ عَلَى الَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ**﴾ [الأنعام ١٢٥ ] واتە: جا ئەو کەسەی خوا بیەوێت هیدایەتی بدات، ئەوە سینەی فراوان دەکات و دەیگەشێنێتەوە بۆ ئایینی ئیسلام،

وە ئەوەی خوا بیەوێت گومڕای بکات، (بەهۆی نەشیاوی خۆیەوە)، دڵی زۆر تەنگ و تەسك دەکات و وەك ئەوەی بیەوێت بەرز بێتەوە بەرەو ئاسمان، ئا بەو شێوە خوا پیسی و ناپاکی لەسەر دڵی ئەوانە دادەنێت کە باوەڕ ناهێنێنن

**برای خۆشەویستم ، خوشکی بەڕێزم**

هەموو ئەم شتە باشانە – جگە لەمانەش زۆرن – ئەوە ناهێنن لە پێناویاندا پەشیمان بیتەوەو تەوبە بکەیت ؟ ئەمە سەرفرازی تۆی تێدایە؟ بۆ ستەم لە نەفسی خۆت دەکەیت بە سەرپێچی کردنی خواو وە مەحرومیشی دەکەی لە خوا ڕازیکردن ؟ شیاوترە بۆ تۆ دەست پێشخەری بکەی بۆ کارێك کە ئەوە فەزڵەکەیەتی و ئەوانە بەرهەمەکەیەتی.

## چۆن تەوبە بکەم ؟

**برای خۆشەویستم ، خوشکی بەڕێزم**

وەکو بتەوێ پێم بڵێی : نەفسم دەیەوێ بگەڕێتەوە بۆلای پەروەردگارەکەی، دەیەوێ پەشیمان بێتەوە، نەفسم دڵنیا بووە لەوەی سەرفرازی لە شوێن کەوتنی هەواو ئارەزوەکان و ئەنجام دانی کارە حەرامەکان نیە ... بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نازانێت چۆن توبە بکات ؟ وە لە کوێوە یەکەم هەنگاو بنێت؟

**منیش ئەڵێم:** خوای مەزن چاکەی بۆ هەر بەندەیەکی خۆی بوێت، هۆکارەکانی بەدەستهێنانی بۆ ئاسان دەکات و یارمەتی دەدات، جا منیش باسی هەندێك لەو شتانە دەکەم کە یارمەتیت دەدەن و هاوکاریت دەکەن لە بۆ تەوبە کردن و گەرانەوە بۆلای خودا:

**نیەتت ساغ کەرەوە، بەراستی بگەرێوە :** ئەگەر مرۆڤ نیەتی بۆ خوا ساغ کاتەوە، وە راست بکات لە تەوبە کردنەکەی، ئەوە پەروەردگار یارمەتی داوەو کارئاسانی بۆ کردوە، وە هەموو ئەو بەربەست و لابەرانەی دێنە رێگەی تەوبەکردنەکەی لەسەر لابردووە . وەهەر کەسێك موخلیس و ساغ نەبێت لە بۆخودا، شەیتان دەبێتە فەرمانڕەوای دڵی، وە پری دەبێت لە خراپەو گەندەڵی، هەربۆیە خوا جلَّ جلالە لەبارەی یوسفەوە علیە السلام دەفەرموێت : ﴿**كَذَٰلِكَ لِنَصْرِفَ عَنْهُ السُّوءَ وَالْفَحْشَاءَ إِنَّهُ مِنْ عِبَادِنَا الْمُخْلَصِينَ**﴾ [یوسف:٢٤]. واتە : ئا بەو شێوەیەمان کرد بۆ ئەوەی هەرچی تاوان و خراپەیە لێی دوور خەینەوە، بەراستی ئەو (یوسفە) لە بەندە پاك و هەڵبژێراوەکانی ئێمە بوو

١- **موحاسەبەی نەفسی خۆت بکە:** چونکە موحاسەبەی نەفس هاندەرە بۆ پەلەکردن بۆ کاری خێر، وە هاوکارە بۆ روبەروبونەوەی تاوان، وە یارمەتیدەرە بۆ گەیشتنە ئەوەی لە دەست چووە، وە پلەیەکە مرۆڤ وا لێدەکات بزانێت چی بۆ هەیەو چی لەسەرە، وە هاویاری مرۆڤە بۆ تەوبەکردن وە بەردەوام بوون لەسەر تەوبەکردنەکەی.

٢- **یادی نەفسی خۆت بخەرەوە وئامۆژگاری بکە وسەرزەنشتی بکەو وبیترسێنە:** پێی بڵێ : ئەی نەفس بگەرێوە پێش ئەوەی بمری" چونکە مردن لەناکاو دێ، مردنی ئەم و ئەوی یاد بهێنەوە ... نازانی مردن مەوعیدی تۆیە ؟! گۆڕماڵی تۆیە ؟! خۆڵ فەرشی ژێرتە ؟! گڵخۆرکە دەبێتە ئاشنات ؟! ناترسی فریشتەی گیانکێشان یەخەت پێبگرێ و تۆش لەسەر تاوانکردن بەردەوامی ؟! لەوکاتەدا پەشیمانی دادت ئەدات ؟؟! گریەو دڵتەنگیت

لێوەردەگیرێ؟؟! تیابچیت ئەی نەفس پشت لە ئاخیرەت دەکەیت لە کاتێکدا ئەو روی لە تۆیەو بەرەو تۆ دێت ؟! وە روو لە دونیا دەکەیت لە کاتێکدا ئەو پشتی لە تۆیە ؟! ئا بەو شێوەیە بە بەردەوامی سەرزەنشتی بکەو گلەیی لێبکەو یادی بهێنەوە هەتا لەخوا دەترسێ و دەگەرێتەوە بۆلای وی و تەوبە دەکەیت .

٣- **خۆت لەو شوێنانە دووربخەرەوە کە تاوانی تێدا دەکرێت :** وازهێنان لەو جێگایەی تاوانت تێدا دەکرد یارمەتیت دەدات بۆ تەوبەکردن، هەربۆیە دەبینیت ئەو پیاوەی کە نەوەدو نۆ کەسی کوشتبوو زاناکە پێی ووت ( میللەتەکەت میللەتێکی خراپن، جا لە لە فلانە شوێندا جێگایەکی ئاوهاو ئاوها هەیە خەڵکێکی خوا پەرستن، برۆ بۆلایان خوا پەرستی لەگەڵ ئەواندا بکە) .

٤- **واز لە برادەری خراپ بهێنە :** چونکە تەبیعەتت شت لەوان دەدزێت، وە بشزانە ئەوان دەستبەردارت نابن، بەتایبەت ئەوان شەیتانیان لەپشتەوەیە هانیان دەدەن لە بۆ خراپەکاری و تاوان بە گەرمی، وە پاڵیان پێوە

دەنێن، وە رایان دەکێشن، هەورەها گەر توانیت ژمارە مۆبایلەکەت و ناونیشانی ماڵەکەت بگۆرە[1]، تەنانەت ( گەر توانیت ) ئەو رێگایە بگۆرە کە پێشتر پێیدا دەرۆیشتیت...

---

[1] خەڵکانێك دەناسین ئەم ئەزمونەیان کرد سوپاس بۆخوا سەرکەوتوو بوون تێیدا ... لە دەست شەیتانە مرۆییەکان رزگاریان بوو (وەرگێر)

هەر بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ﴿ **الرجل على دين خليله، فلينظر أحدكم من يخالل** ﴾ [رواه أبو داود والترمذي وحسنه الألباني]. واتە: مرۆڤ لەسەر دینی هاوڕێكەیەتی، جا بۆیە ووریا بن بزانن كێ دەكەنە هاوڕێی خۆتان .

٥- **بیر لە عاقیبەتی تاوانەكان بكەوە** : چونكە ئەگەر مرۆڤ زانی تاوانەكان عاقیبەتیان خراپە و داهاتوویان ڕەشە، سزاكەی لە بۆسەدایەو چاوەڕێیەتی، وای لێدەكات پێش هەموو شتێك واز لە تاوانكردن بهێنێت، وە تەوبە بكات لە تاوانەكان .

٦- **بەهەشت و ئاگری یاد بهێنەوە** : بیری گەورەیی بەهەشتی بهێنەوە، وە ئەوەی خودا تێیدا ئامادەی كردووە بۆ كەسێك گوێڕایەڵی كردبێت و تەقوای وی كردبێت. وە بە جەهەننەم و ئەوەی كە تێیدا ئامادەكراوە بۆ سەرپێچی كەران بیترسێنە .

٧- **سەرقاڵیكە بەوەی سوودبەخشە و لە تەنیایی و بەتاڵی دووری بیەخە** : چونكە نەفس ئەگەر سەرقاڵی نەكەی بە گوێڕایەڵیەوە سەرقاڵت دەكات بە سەرپێچیەوە. هەروەها دەست بەتاڵی سەردەكێشێ بۆ هەڵدێر و لەڕێلادان و مودمین (مُدمِن) بوون، وە دواییش سەردەكێشێ بۆ هاوڕێیەتی خراپ .

٨- **پێچەوانەی هەواو ئارەزوت بە** : هیچ شتێكی تر نیە بە ئەندازەی هەواو ئارەزوو مەترسیان بۆ سەر مرۆڤ هەبێت، هەربۆیە دەبینیت خوای پەروەردگار دەفەرموێت : ﴿**أَرَأَيْتَ مَنِ اتَّخَذَ إِلَهَهُ هَوَاهُ**﴾ [الفرقان:٤٣] ، بۆیە هەركەسێك دەیەوێ تەوبەیەكی نەصوح بكات، دەبێت خۆی لەو شتانە دارنێ كە دەیبەستێتەوە بە ڕابردووی تاواناوییەوە، وە نابێت دوای هەواو ئارەزووی خۆی بكەوێ .

٩- **وە كۆمەڵێك هۆكاری تر هەن بێجگە لەوانە یارمەتیت دەدەن بۆ تەوبە كردن:** دوعاكردن لای خوا كە تەوبەیەكی ساغ و ڕاستەقینەت پێ ببەخشێ، وە زیكری خواكردن و داوای لێخۆشبوون (**استغفرالله**) كردن، هیوا كورت بوون و یادی قیامەت كردن، وە لە قورئان تێفكران، وە ئارامگرتن بە تایبەت لە سەرەتای تەوبەكردن،... هتد كۆمەڵێك شتی تر كە یارمەتیت دەدەن لە بۆ تەوبە كردن و بەردەوام بوون لەسەری .

## مەرجەكانی تەوبەی ڕاستەقینە:

### برای خۆشەویستم ، خوشكی بەڕێزم

تەوبەی ڕایستەقیە كۆمەڵێك مەرجی هەیە ئەبێ تێیدا بەدی بێت بۆ ئەوەی قبوڵ بكرێت ئەوانەش:

**یەكەم// ساغ بوون و بێخەوش بۆ خوای پایەبەرز** : بەو پێیەی كە هۆكاری تەوبەكردنەكەت خۆشویستنی خوداو بەگەورەڕاگرتنی وی و هیوا بوون پێی و بەتاما بوونی پاداشتی خوایی، وە ترسان لە سزای وی، نەك نزیك بوونەوە بێ بۆ خەلقی، وە مەبەست پێی شتێك بێ لە شتەكانی دونیای فانی، هەربۆیە دەبینیت خوای پاك و بێ خەوش دەفەرموێت :﴿**إِلَّا الَّذِينَ تَابُوا وَأَصْلَحُوا وَاعْتَصَمُوا بِاللَّهِ وَأَخْلَصُوا دِينَهُمْ لِلَّهِ فَأُولَئِكَ مَعَ الْمُؤْمِنِينَ**﴾[ النساء ١٤٦]. واتە: (ئەوانەیان نەبێت كە تەوبەی ڕاستەقینەیان كردووە وكارو نیەتیان چاككردووە بۆخوا ودەستیان بە ئایینی خواوە گرتووە، وە بە دینییان لەبۆ خوا ساغ و بێخەوش كردۆتەوە، ئا ئەوانە لەگەڵ ئیمانداراندا دەبن ).

**دووەم // وازهێنان لە تاوان :** وا نەزانی تەوبەکەت ڕاستە لە کاتێکدا تەوبەت کردووەو کەچی بەردەوامیت لەسەر تاوان کردن. بەلاّم ئەگەر هاتوو گەڕایەوە بۆ تاوان دوای تەوبەیەکی ڕاستەقینە، ئەوا تەوبە پێشوەکەی بەتاڵ نابێتەوە، بەلاّم پێویستی بە تەوبەیەکی تازە هەیە.

**سێیەم // دانان بە تاواندا:** چونکە مومکین نیە مرۆڤ تەوبە بکا لە شتێك و بە تاوانی نەزانێت.

**چوارەم // پەشیمان بونەوە لەوەی لێت وەشاوەتەوە لە تاوان وسەرپێچی** : وە چاوەڕێی تەوبە ناکرێ مەگەر لە کەسێکی پەشیمان ، دڵتەنگ، خەمبار بەوەی لێی وەشاوەتەوە لە سەرپێچی و تاوان، هەربۆیە کەسێك کە باسی تاوانە پێشوەکانی خۆی دەکات و فەخرو شانازی پێوە دەکات بە تۆبە کارو پەشیمان نادرێتە قەڵەم، هەروەکو پێغەمبەری خوا ﷺدەفەرموێت : **( الندم التوبة )** [واه حمد وابن ماجة وصححه الألباني] .

واتە : پەشیان بوونەوە تەوبەیە .

**پێنجەم // سووربون لەسەر نەگەڕانەوە بۆ تاوان** : تەوبەی کەسێك قبوڵ نیە نیەتی دووبارە گەڕانەوی هەبێت بۆ تاوان دوای تەوبەکردن، بەڵکو پێویستە لەسەری دەستبەرداری تاوان کردن بێ، وە بەردەوام بڕیار بە خۆی بدات لە داهاتوودا نەگەڕێتەوە بۆ تاوان

**شەشەم // گەڕاندنەوەی مافەکان (المظالم) بۆ خاوەکانیان** : ئەگەر هاتوو تاوانەکە پەیوەندیان بە مافی ئادەمیزادەکانەوە هەبوو، ئەوە پێویستە لەسەری کە مافەکانیان بۆ بگەڕێنێتەوە، ئەگەر ئەیەوێت تەوبەکەی ڕاست و قبوڵ بێت" لەبەر ئەو فەرمودەی پێغەمبەری خوا ﷺ : " **من كانت عنده مظلمة لأحد من عرض أو شئ فليتحلله منه اليوم قبل ألا يكون دينار ولا درهم، إن كان له عمل صالح أُخذ منه بقدر مظلمته، وإن لم تكن له حسنات أُخذ من سيئات صاحبه فحمل عليه** " [رواه البخاري].

واتە : هەرکەسێك زوڵمی لە کەسێك کردوە و مافی لەسەرە، جەستەیی بێت یان هەر شتێکی تر، با ئەمڕۆ گەردن ئازایی لێ بکات پێش ئەوەی ڕۆژێك بێت دینارو دیرهەم سوودی نەبێت، ئەگەر کردەوەی چاکی هەبێت لێی دەبرێت بە ئەندازەی مافەکەی، وە ئەگەریش چاکەی نەبێت، ئەوا لە کردەوە خراپەکانی کابرای (خاوەن هەق) هەڵدەگیرێ ودەدرێتە کوڵ ستەمکاردا.

**حەوتەم // ئەبێت تەوبەکە لە کاتێکدا بێ قبوڵ بکرێ** : کە بریتیە لە پێش سەرە مەرگ و پێش هەڵهاتنی خۆر لە خۆرئاواوە، پێغەمبەری خۆشەویستمان ﷺدەفەرموێت : " **إن الله يقبل توبة العبد ما لم يغرغر** " ( رواه أحمد والترمذي وصححه النووي).

واتە : بێگومان خوا تەوبەی تەوبەکاران قبوڵ دەکات، هەتاوەکو پێش سەرەمەرگ . هەروەها دەفەرموێت : " **إن الله يبسط يده بالليل ليتوب مسيء النهار، ويبسط يده بالنهار ليتوب مسيء الليل حتى تطلع الشمس من مغربها** " (رواه مسلم ).

واتە: بەڕاستی پەروەردگار بەشەو دەستی ڕادەخات بۆ ئەوەی تاوانکارانی ڕۆژ تەوبە بکەن، وە بە ڕۆژ دەستی ڕادەخات بۆئەوی تاوانکارانی شەو تەوبە بکەن، هەتا ئەو کاتەی خۆر لە خۆر ئاواوە هەڵدێ .

## نیشانەکانی قبووڵ بوونی تەوبە

**برای خۆشەویستم ، خوشکی بەڕێزم**

**تەوبەش چەند نیشانەیەکی هەن ئاماژەن بۆ قبوڵێتی و ساغێتی تەوبەکە، لەوانە :**

١- **ئەبێت ئەو کەسە پاش تەوبە کردنەکەی باشتر بێت وەك لە پێش تەوبەکردنەکەی** : هەموو کەسێك لە بۆخۆی ئەمە دەزانێت. جا هەرکەسێك دوای تەوبەکردن ڕوو لە خواو، هیممەت داررو و ورە بەرز بوو، ئەوا نیشانەی ڕاستی و ساغی و قبولێتی تەوبەکەیەتی .

٢- **بەردەوام دەبێت (ترس لە گەڕانەوە بۆ تاواد) ی لێ نەبڕێت** : چونکە مرۆڤی ژیر بۆ چرکە ساتێکیش بووە، لە سزای خوا بێ ئاگا نا بێت. هەر بۆیە ترسەکەی بەردەوامە تا ئەو دەمەی گوێی لە ( فریشتە ڕاسپێراوەکان بە ڕوحکێشان)یی دەبێ، پێی دەڵێن : ﴿ **أَلَّا تَخَافُوا وَلَا تَحْزَنُوا وَأَبْشِرُوا بِالْجَنَّةِ الَّتِي كُنْتُمْ تُوعَدُونَ** ﴾ [فصلت ٣٠] . مەترسێن و هیچ غەم و پەژارەیەکتان نەبێت، وە مژدەتان لێ بێ بەو بەهەشتەی کە کاتی خۆی بەڵێنتان پێ دەدرا. ئیتر ئا لەو کاتەدا ترس و بیم و غەم و پەژارەکەی دەڕوا .

٣- **ئەبێت بە گەورە تەماشای تاوانانەکانی بکات ، ئەگەرچی تەوبەشی کردووە**، ئیبن مەسعود ﷺ دەفەرموێت : ( **إن المؤمن يرى ذنوبه كأنه قاعد تحت جبل يخاف أن يقع عليه، وإن الفاجر يرى ذنوبه كذباب مرّ على أنفه، فقال له هكذا**) واتە: ئیماندار تاوانەکانی وەکو شاخێك تەماشا دەکا لە ژێریدا دانیشتبێت، دەترسیّ داکەوێتە سەری ، بەڵام مرۆڤی خراپەکارو دەغەڵ تاوانەکانی بە مێشولەیەك دەزانێت بەلای لوتی تێبپەڕێت، ئەویش بەدەستی ئاوایەکی لێبکات و بفرێت .

وە هەندێك لە **سەلەف** گوتویانە : (**لا تنظر الى صغر المعصية ولكن انظر الى من عصيت**). واتە : تەماشای بچوکی تاوان مەکە بەڵکو تەماشای ئەوە بکە کە سەرپێچی کێت کردووە .

٤- **ئەبێت تەوبەکردن ئیماندار دڵشکاو بکات، وەملکەچ و بێ فیزی بکات بەرانبەر بە پەروەردگاری** : هیچ شتێك لەوە خۆشەویستتر نیە لە لای خوا کە بەندە بە دڵشکاوی و لاوازی وملکەچی یەوە بگەڕێتەوە لایی، بە دڵێکی تەڕ بەزیکری خوا ، (ئاو درا بێت بە زیکری خوا )، بە بێ خۆپەسەندی ولەخۆبایی بوون، بەبێ حەز کردن لە ستایش، بەبێ

بەکەم تەماشاکردنی خەڵك بەهۆی تاوان و سەرپێچیانەوە، جا هەرکەسێك ئەمەی لەخۆ نەبینی با تۆمەتباری تەوبەکەی خۆی بکات و هەوڵی ڕاستکردنەوەی بدات .

٥- **ئەبێت ئاگاداری کرداری ئەندامەکانی بێت** : با ئاگاداری زمانی بێ و لە درۆکردن و غەیبەت و فیتنەیی و قسە هێنان و قسە بردن و وتەی زیادە، وە سەرقاڵی کا بە یادی خواو قورئان خوێندن . هەروەها ئاگاداری ورگی بێت، هەرچی حەڵاڵە ئەوە بخوات . وە ئاگاداری چاوەکانی بێ، حەرامی پێ نەبینێ. وە ئاگاداری گوێی بێ، گوێ لە حەرامەکان نەگرێ، وەکو درۆو غەیبەت و مۆسیقا . هەروەها ئاگاداری دەستەکانی بێ، لە بۆ شتی حەرام درێژیان نەکات . وە ئاگاداری پێکانی بێت، پێی نەڕوا بۆ جێگا حەرام کراوەکان. لە هەمووی گرنگتر ئاگاداری دڵی بێ، لە بوغزو حەسودی و خۆشویستنی دوژمنانی خوا و ڕق لێبوونی دۆستانی خوا . وە ئاگاداری پەرستشەکانی بێت، ساغ و بێ خەوشی کا بەتەنها لە بۆ خوا، وە دوور کەوێتەوە لە ڕیابازی و ناوپەیدا کردن .

# ئاگادرای دواخستنی (١) تەوبەکردن بە

**برای خۆشەویستم ، خوشکی بەڕێزم**

بێگومان کەس نازانێ کەی ئەجەلی دێ وچەند لە تەمەنی ماوە، وە ئەوەی جێی داخە خەڵکانێك دەبینین دوایی بۆ تەوبە دەکەن و ئەڵێن : ئێستا کاتی تەوبەکردن نیە، وازبێنن با هەندێك چێژ لە دونیا وەربگرین، هەر کە بەساڵا

**(١) التسويف : لە ( سوف )ـەوە هاتووە ، واتە دواجار، پاشان، ئینجا، پاش وەخت، دوای ئەوە، .. هتد ، لێرەدا بەمانای دواخستنی تەوبە دێت بۆ کات و ساتێکی تر .**

**بەو مانایەی : دواجار تەوبە ئەکەم، جارێ وەختی نیە، جارێ با فلانە شت بکەم پاشان نوێژ دەکەم، با فلانە شەهادە بەدەست بێنم پاشان ڕۆژوو دەگرم، با ناجح ببم پاشان ئەوە دەکەم، با زانکۆ یان پەیمانگا تەواو بکەم پاشان سەرپۆش لەسەر دەدەم و دەبم بە موحەججەبە (*)، با شوو بکەم یان با ژن بهێنم پاشان ئاوا دەکەم .... هتد ، چەندەهامان بینی پێش ئەوەی ئەمانە تەواو بکەن کۆچیان کرد، بەلام کۆچێکی هەتاهەتایی و ئێستاش لە ژێر خاکن و ناویشیان هەر نەما ﴿هَلْ أَتَى عَلَى الْإِنسَانِ حِينٌ مِّنَ الدَّهْرِ لَمْ يَكُن شَيْئًا مَّذْكُورًا﴾** سورة الإنسان(١).

**(*) لێرەدا تێبینیەکی زۆر زۆر گرنگ هەیە لەسەر مەفهومی حیجاب بەڵکو لە ڕاستیدا پێویستی بە کتێبێکی تایبەتیە کە بە دوورو درێژی باسی لێوە بکرێ. وە چەند دڵم پێوەیە کە هەموو ئوممەتی خۆشەویست ﷺگوێی لەم وتەیەم ببوایەو بەتایبەت هەموو مللەتەکەی خۆم، إن شاء الله لەیەك پەرەدا دەیگوشێرم وکورتی دەکەمەوە:**

**حیجاب وشیەکی عەرەبیە : واتە : پەردە یان داپۆشین ، کەواتە بریتیە لەوەی کە ئافرەت جوانی خۆی لە ئاست نامەحرەمەکانی داپۆشێت. نەك تەنها موی قژی .**

**کەوابوو ئافرەتێك کە لەچکێك ( ڕاستتر وایە بەڵکو ڕاست وایە بگوترێ لەچك بەسەر نەك موحوججەبە لەبەر ئەوەی ... ئێستا ڕوونی دەکەمەوە إن شاء الله ، بەڵکو هەندێکیان ناشکرێ پێیان بڵێی لەچك بەسەر، هەروەك ئەوانەی ناتوانی پێیان بلًێی ڕووتن و ناشتوانی پێیان بڵێی پۆشتە ) دەدات بە سەریداو بەلام پەنتۆڵێکی تەسکی لە پێکردووە بە هیچ شێوەیەك پێی ناگوترێ موحەججەبە، لە شەریعەتی خوادا جل جلالە شتی وا نیەو نەبووە. یان لەچکێك دەدات بەسەردا تەنورەیەکی تەسکی لە پێکردووە یان قەمیسێکی تەسك یان ... . یەکێك لە مەرجەکانی حیجاب ئەوەیە ئەبێت ئەو جلە لەسەر تا خوار ئەژنۆکان یان تا خوار پێکان درێژ بێ ( کە کوت و مت عابای کوردەواریە ) نەتان بیستووە دوژمنان هەر لە کۆنەوە ویستویانە نەمێنێ هەروەکو ئەیانگوت باوی عابا نەماوە جلی کوردی زۆر جوانە شۆڕەو پەسەند کراوە ( ببینن سەیری شەیتان بکەن بەناوی شۆڕی و پۆشتەیی و جلی کوردیەوە ئەیەوێ عابای کوردەواری لە بەری دایکان و خوشکانمان بیەخن ﴿وَلَقَدْ صَدَّقَ عَلَيْهِمْ إِبْلِيسُ ظَنَّهُ فَاتَّبَعُوهُ إِلَّا فَرِيقًا مِّنَ الْمُؤْمِنِينَ﴾. بەمەش تەنورەو ئەو مۆدێلە تازانەی ئەمرۆ و خوشك وبراکانی ڕەفزدێنن، وە یەکێکی تر لە مەرجەکانی حیجاب ئەوەیە ئەبێت تەسك نەبێت هەروەها تەشبیهی یەهود و نەسارا نەبێت هەروەها تەشبیە بە پیاوان نەبێت. بەمەش پەنتۆڵ و خوشك و براکانی ڕەفز دێنن لەگەڵ تەسکی و تەنکی دا . هەربۆیە نابێت هەرکەس پارچە پەڕۆیەکی دابە سەردا بڵێین موحەججەبە. نەخێر نابێت پێی بگوترێ. تەنها پێی دەگوترێ لەچك بەسەر ئەگەر شیاوبوو بۆ ئەو ناوەش . وەگەرنا ئەگەر سەریشی دانەپۆشیبوو لەگەڵ تەواوی سنگیدا ئەوە سەرپۆش بەسەریشی پێ ناگوترێ ؟! بۆ ؟؟!! چونکە لە زمانی عەرەبیدا خەمری پێ دەگوترێ، واتە داپۆشین وە بە مەییش دەگوترێ خەمر چونکە عەقڵ دادەپۆشێ . هەربۆیە سەرپۆش بەسەر ئەبێ بە ناوەکەی خۆیەوە بێ سەری داپۆشێ لەگەڵ تەواوی سنگیدا. بە ئەوندە کیفایەت دەکەین إن شاء الله ئەگەر خوا ویستی هەبوو لە جێگای خۆی زیاتر باسی لێوە دەکەین . والله تعالى أعلم**

چووين خۆمان تەوبە دەكەين ؟؟! ! بەڕاستى ئەمانە فێڵ و تەڵەكەى شەيتانن، وە فريودانى دونياى فانيە، جا شەيتانيش دێت و وەعدى نەمرێتى بە مرۆڤ دەدات و كەچى ئەوەشى بەدەست نيە . بۆيە دەستپێشخەرى بكەن ... دەستپێشخەرى.. وريا بن وريا ... لە بێ ئاگايى و دواخستنى تەوبە و هيوا درێژى، چونكە بەڕاستى ئەگەر هيوا درێژى نەبوايە هەرگيز فەرامۆشكردن و پشت گوێخستن نەدەما .

هەر بۆيە برا خۆشەويستەكەم خێراكە لە بۆ تەوبەكردن، ئاگادارى دواخستنى تەوبە ببە چونكە ئەوە بۆخۆى تاوانێكەو پێويستى بە تەوبەكردنە. جا تەوبەكردن پێويستە دەست بەجێ بكرێ، بۆيە پێش هاتنى ئەجەلەكەت و بڕانى هيواكانت بگەڕێوەو تەبە بكە، پەشيمان بەوە، چونكە تۆ نازانى كەى دواڕۆژ و دوا هەناسەو دواشەوتە ...

بگەڕيوە پێش ئەوەى تاريكى باڵ بەسەر دڵەكەتدا بكێشێ، واى لێبێ چڵك و ژەنگى تاوان دايپۆشێ و سڕينەوە قبوڵنەكات، بگەڕێوە پێش ئەوەى نەخۆشى يان مردن هێرش بەرنە سەرت، ئەو كاتە دەرفەتى تەوبە كردنيشت نەمێنێت

## فريو مەخۆ بە سترى خواو بەردەوامى نازونيعمەتەكانى

هەندێك ڕۆچوون لەتاوان و سەرپێچيدا، كە كاتێكيش ئامۆژگارى دەكەيت و بێدارى دەكەيتەوە لە سەرەنجامەكەى، ئەڵێت : ئەوە چيمان كردووە ؟! ئەى خەڵكانێك بۆ بە ئاشكرا تاوان دەكەن بەرانبەر بەخوا، زەوى پڕ بوە لە تاوانى ئەوان، كەچى لە خۆشگوزەرانى دا دەژين ؟! بەڵام ئەمانە لە بيريان چوەتەوە، كە خودا دونيا ئەداتە ئەوەى خۆشى ئەوێ و ئەوەشى خۆشى ناوێ، وە ئەمە ئيستدراجى خوايە لە بۆ ئەوان بەڵام هەركە لێيانى گرت و سزاى دان، ئەوكات لەدەستى دەرناچن، پێغەمبەرى خوا ﷺ دەفەرموێت : " **إذا رأيت الله يعطي العبد في الدنيا على معاصيه ما يحب فإنما هو استدراج، ثم تلا قوله عز وجل: ﴿فَلَمَّا نَسُوا مَا ذُكِّرُوا بِهِ فَتَحْنَا عَلَيْهِمْ أَبْوَابَ كُلِّ شَيْءٍ حَتَّى إِذَا فَرِحُوا بِمَا أُوتُوا أَخَذْنَاهُمْ بَغْتَةً فَإِذَا هُمْ مُبْلِسُونَ (٤٤) فَقُطِعَ دَابِرُ الْقَوْمِ الَّذِينَ ظَلَمُوا وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾ (٤٥)** [رواه أحمد وإسناده جيد]. واتە : ئەگەر بينيت خوا لە دونيادا دەبەخشێتە بەندەيەك لەسەر ئەو سەرپێچيانەى دەيكات و پێى خۆشن، ئەوە بزانە بەرە بەرە كێشكردنە بۆ زياتر ڕۆچوونى لە تاواندا، پاشان ئەو فەرمودەيەى پەروەردگارى خوێندەوە – عز وجل – كە دەفەرموێ: ﴿ جا كاتێك ئەو بەرنامەو ڕێبازەى يادیان خرابوۆوە فەرامۆش كرد، دەروازەكانى هەموو شتێكمان بۆ كردنەوەو نازو نيعمەتى خۆمانمان بەسر ڕژاندن، هەتا كاتێك دڵخۆش بوون بەوەى پێيان بەخشرا، لەناكاو لێيانمانگرتن، ئيتر ئەوانيش بێ ئومێدو سەرگەردان بوون (٤٤) پاشان ئەو گەلەى ستەميان كرد دوابڕاوو بنبڕكران، وە سوپاس و ستايش بۆخواى خاوەن جيهانەكان﴾ .

## لە كۆتايى دا

ڕاكەو بڕۆ بەرەو خوا ... ڕاكە لە دەست هەواو ئارەزوو ... ڕاكە لە دەست سەرپێچى ... ڕاكە لە دەست تاوان ... ڕاكە لە دەست شەهەوات ... ڕاكە لەدەست دونيا هەمووى، وە ڕوو بكە پەروەردگارت .. بگەڕيرەوە، پاشگەزبەرەوە، پەشيمان بەوە، تەوبە بكە بۆلاى وى، تەوبە بكەو بدە لەدەرگاى خودا با تاوانەكانيشت زۆر بن، با گەورەش بن، چونكە پەروەردگار بەشەو دەستى ڕادەخات بۆ ئەوەى تاوانكارانى ڕۆژ تەوبە بكەن، وە بە ڕۆژ دەستى ڕادەخات بۆئەوى تاوانكارانى شەو تەوبە بكەن، دە براى خۆشەويستم هەستە بەرەو ڕەحمەت و لێخۆشبويى خوا پێش ئەوەى كار لە كار بترازێ .

داواكارم لە پەروەردگار من و تۆش لەوانە بگێرێ كە بەڕاستى تۆبە دەكەن، بەڕاستى ڕوو دەكەنە خواى پەروەردگار، وە سەڵات و سەلام برژێ بەسەر پێغەمبەرى سەردارو نازدار وە لەسەر خانەوادەو هاوەڵانى .